www.kurdistannet.org
15/05/2003 00:22

به ناوی کوردستانی گەورە !

# حاج ئەمروڵڵا ! ماشەڵڵایەك،هەزاران ئیشەڵڵا دێنێ

ح. س. سۆران
soran909@hotmail.com

بیلامانێ لە شاری شەشەکانی وڵاتی سێ برایان، کابرایەکی مۆن و بیر کۆن سەرۆکی شارێک بو، کە پەرژینی قایم بێ، نە رابوردوی قەبووڵ بو و نە کاتی ئێستا. چون پێی وابو، پێیشینان، تەنانەت حەزرەتی مووساش، گشتیان زایۆنیست بوون و خەڵکی ئێستاش، بۆ دەرمانیش ئادەمیستیان تێدا نیە. ئەم کابرا رووتاڵە، کە ناوی ئەمرڵڵا فەردازادە بو، پێی خۆش بو هەمیشە پێی بلێن حاج ئەمروڵڵا، نەک " آقاي امراللة فردازاده".

حاج ئەمروڵڵا، پێی وابو کە گوێیان بۆ عەقل داناوە، هەر لەبەر ئەمە تەواوی هێزی چاوی خۆی دابوە دەم و لچی. تا بلێی بەرزوێژ (بلێندگۆ) یشی خۆش دەویست، هەر لەبەر ئەمە وەک شووتی فرۆشی گەڕۆک، هەمیشە بەرزوێژێکی پێ بو و کاتیک بە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا تێدەپەڕی، لە هەر جێیەک بە پێویستی بزانیایە، بە دەعیەوە دەچوە پشت ئەو بەرزوێژە نزمە و دەستی دەکرد بە وتنی قسەی هومێداوی بۆ خەڵکی بێ هومید. بۆ ئەوەش کە خۆی لەدەستی شەیتان ومەیتانی فاسق بپارێزێ، پایەی بەرزوێژەکەشی دەکرد بە گۆپاڵ، تا هەرکەس بلێ پشتی لێوت سمێڵ نیە، حەیاتی مچەکەڕی لێ ببڕێ. بەویان وتبو، دێمۆستێنی قسەوێژی بەناوبانگی یۆنانیش، کاتی قسەکردن لە پشت قەڵای ئاکرۆپۆلیس، بۆ ئەوەی کە خۆی لە دەستی هێرکوولی زەلامی *لەندهۆر*، ئافرۆدیتی دەمەوەری قژن و میرزا گزینێفونی دەمنەوێستاو بپارێزێ، یەکێک لە دار زەیتوونە گرێدارەکانی دورگەی رۆدێزی، وەک سەگرەوێن دەگرت بە دەستەوە.

چون حاج ئەمروڵڵا، منداڵی موستەقبەلی نەقڵێ (داهاتو) بو، تەواوی وتارەکانی لە سەرتەوەرەی خەیاڵپڵاو دادەمەزراند. رۆژێک کە لە یەکێک لە کۆڵانەکان چوبوە سەر سەکۆی خەیاڵکوژی وتار، وەک هەمیشە پشتی کردبوە کاتی زەردی حازر و باسی داهاتوی سەوزی دەکرد، وتی :

ئیشەڵڵا لە داهاتودا، تەواوی چاڵو چۆڵی شەقامە تاریکەکانی ژیانی هاوشاریان بە چیمەنتۆی پتەوی مووچە پڕدەکەمەوە ؛ ئیشەڵڵا بێکارەکان بە جێی خۆیان، کار بۆ تەواوی خاوەن شوغڵە بێکارەکانیش پەیدا دەکەم، ئیشەڵڵا کارێکی وا دەکەم ئیدی خەڵک بۆ ئەوەی کە ژیانی ئابووریان بچەرخێ، نەبن بە ئاکرۆبات، تەردەست و مەردەست و موعجیزەگەرو شتنی وا ؛ ئیشەڵڵا ئیدی مەجبوور نابن لەبەر ئاتاجی ببنە هونەر پیشە یەکی وەک چارلی چاپلین و هەر خولەکێک سیپالی کەسایەتیان بگۆڕن ؛ ئیشەڵڵا وای لێ دێ کە ئیدی مەخاریجی خەڵک، فەقەت پێنج بەرانبەری داهاتیان دەبێ ؛ ئیشەڵڵا ئیدی کچان و کوڕان بێ ئەوەی کە بوغچەی کچێنی و کوڕێنیان بکرێتەوە وا پیر ناین، کە ببنە پیرێژنی فەرهاد کوژ و خدری زیندە ؛ئیشەڵڵا کارێکی وا دەکەم کە ئیدی خەڵک تەنانەت درۆ لەگەڵ خۆشیان نەکەن، ئیشەڵڵا، ئیشەڵڵا، ئیشەڵڵا، ئیشەڵڵا، ئیشەڵڵا، ئیشەڵڵا...

کابرایەکی شەشەکانی یەکلاقەبا، کە پاش رووتەوکردن تەشتی زێڕی نابو بە سەر دوندی تەوقی سەریەوە و دەرگەی ئەم باغە سەو زانەشیان لە دوورەوە زۆر نیشان دابو، لە بن لچەوە، جۆرێک کە لەو نەختەنەختەش نەکەوێ، وتی : جارکیش بفەرمو، ماشەڵڵا ئەو کارەشمان کردوە.

***حاج ئەمروڵڵا ! ماشەڵڵایەک، هەزاران ئیشەڵڵا دێنێ.***

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.